# زەکاتی دانەوێڵە ئەگەر کرا بە ئالیک

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ زكاة الحبوب إذا طحنت ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زەكاتی دانەوێڵە ئەگەر كرا بە ئاليك

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار :** كەسێك زەویەكی كشتوكاڵی هەیە، پێش ئەوەی گەنم وجۆكەی ووشك وڕەق ببێت هەستا كردی بە ئالیك بۆ ئاژەڵەكانی، ئایا زەكاتی تێدا واجب دەبێت؟

**وەڵام :** الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم .

ئەگەر هاتوو خاوەنەكەی پێش ئەوەی گەنم وجۆكەی بگات ودانەكەی ووشك وڕەق ببێت كردی بە ئالیك بۆ ئاژەڵ یان كردی بەدیاری بۆ كەسێك، ئەوە زەكاتی تێدا واجب نابێت، چونكە كاتی زەكاتی دانەوێڵە ئەو كاتەیە كە دانەكەی ووشك وڕەق ئەبێت .

ابن القدامه (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت : كاتی واجب بوونی زەكاتی دانەوێڵە ئەو كاتەیە كە دانەكەی ووشك وڕەق ئەبێت، وەكاتی واجب بوونی

زەكاتیش لە بەروبووم ومیوەدا ئەو كاتەیە كە بەرەكەی پێ گەیی وبۆخواردن شیا، ئەگەر هاتوو خاوەنەكەی پێش ئەوەی دانەوێڵەكە ڕەق بوو ، یان میوە وبەروبوومەكەی پێش ئەوەی بگات گۆڕانكاری هێنا بەسەردا بەوەی كردی بە ئالیك یان بە شتێكی تر ئەوا هیچی لەسەر نییە، چونكە پێش ئەوەی زەكاتی تێدا واجب ببێت گۆڕانكاری هاتووە بەسەردا، ئەمەش وەك ئەوە وایە ئاژەڵ خواردبێتی، یان ماڵ وسامانێك پێش ئەوەی ساڵی بەسەردا بێتەوە فرۆشتبێتی . { المغني" (300/2)} .

بەهوتی ش لەم بارەیەوە وتویەتی : ئەگەر هاتوو دانەوێڵەیەك یان میوەیەك خاوەنەكەی پێش ئەوەی دانەكەی ڕەق ببێت یان بگات فرۆشتی، یاخود فەوتا ولەناوچوو، بەكەمتەرخەمی خۆی بێت یان نا، ئەوە زەكاتی تێدا واجب نابێت، چونكە لەو كاتەی زەكاتەكەی تێدا واجب بووە خاوەنی نەبووە .{شرح منتهى الإرادات (418/1)} .

شێخ محمد صالح العثيمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ( شرح الكافي) دا ئەڵێت : كەسێك ئەگەر هاتوو باخێك دارخورمای هەبوو، وە ئەگەشتە ڕادەی

(نصاب) ی واجب بوونی زەکات تێیدا، بەڵام لەناکاودا دەرد ونەخۆشیەك لێیدا وفەوتاندی پێش ئەوەی بگات، ئەوە هیچ زەکاتێکی تێدا واجب نابێت .

وە پرسیاری لێکرا ئەگەر هاتوو خۆی پێش ئەوەی بگات گەنم وجۆکەی کرد بەئالیك یان میوە وبەروبوومەکەی ڕنیەوە پێش ئەوەی بگات، ئایا زەکاتی تێدا واجب دەبێت ؟ لەوەڵامدا ووتی : نەخێر زەکاتی تێدا واجب نابێت چونکە هێشتا نەگەیشتووە .

**ئاگادارکردنەوەیەك :**

ئەوەی پرسیاری لەبارەوە کرا وئاماژەمان پێدا کە زەکاتی تێدا واجب نابێت، ئەگەر هاتوو ئەو کەسە مەبەستی لەو کارەی ڕاکردن وخۆدزینەوە نەبێت لە زەکاتدان، چونکە ئەو کەسە ئەگەر هاتوو مەبەستی لەو کارەی ڕاکردن وخۆدزینەوە بوو لەو زەکاتدان ، ئەوا بەهیچ شێوەیەك زەکاتەکەی لەسەر لاناچێت و واجبە زەکاتی دانەوێڵە وبەروبوومەکەی بدات .

ابن القدامة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت :

ئەگەر هاتوو بەروبوومێك پێش ئەوەی بگات فەوتا وتیاچوو، یان دانەوێڵەیەك پێش ئەوەی دانەکەی ووشك وڕەق ببێت دەرد ونەخۆشی لێیدا وفەوتا، زەکاتی تێدا نییە، بەهەمان شێوە ئەگەر خاوەنەکەشی فەوتاندی، مەگەر کاتێك نەبێت خاوەنەی مەبەستی پێی ڕاکردن وخۆدزینەوە بێت لە زەکاتدان، ئەوا زەکاتەکەی لەسەر لاناچێت، چونکە بەو کارەی وویستویەتی هەقێك لەسەر خۆی لاببات کە مافی خەڵکانێکی ترە، لەبەر ئەوە لەسەر ی لاناچێت، هەروەك چۆن کەسێك ژنەکەی لەکاتی نەخۆشی مردنیدا تەڵاق بدات بەمەبەستی ئەوەی ژنەکەی میراتی لێ نەبات.

شێخ ابن العثیمین لە (شرح الكافي) دا لەم بارەیەوە ئەڵێت : هەرکەسێك فڕوفێڵێك بکات بۆ ئەوەی واجبێك لەسەر خۆی لاببات، هەر بەو فڕوفێڵ کردنەی ئەو کارەی لەسەر واجب دەبێت.

خوای گەورە زانا وشارەزاترە.